سودانی هەوڵکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پاڕێپشتیکردنی عێراق بەرز دەنرخێنێت

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە، هەوڵەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد بە پاڕێپشتیکردنی عێراق و دامەزراوە دارایی و دراوییەکانی بەرز نرخاند، کە ئەوی گرنگیان لە ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا زیندووکردووە.

ئەنوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردووە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە سەرۆکی نەردەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە عێراق جان گیوم بولان و نوێنەری نیشتەجێی سندوقەکە لە عێراق محەمەد جابر".

لە ڕاگەیاندراوەکدا هاتووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران " هەوڵەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد لە پاڕێپشتیکردنی عێراق و دامەزراوە دارایی و دراوییەکانی بەرز نرخاندا، بە گەیانەوەی ئەوی گرنگیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەتایبەتی کە سندوقەکە هاوبەشێکی سەرەکییە بە هەوڵەکانی عێراق لە چاکسازی ئابووری و بەهێزکردنی سەقامگیریی "هەروەها سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو "دەستکەوتانەی حکومەت لەبوارەکانی دارایی و بانکی و ئابووریدا بەدەستیهێناوە هەنگاوێکی ئەرێنی بەئاراستەی بەدیهێنانی سەقامگیری و گەشەپەدانی بەردەوام لەوەتدا دادەنرێت".

بە گوترەی ڕاگەیەندراوەکە سودانی ئاماژەی بە "گرنگی بەردەوامی پشتیوانی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان

بە حکومەت کرد لە چەکردنەوەی هەوڵەکان بە کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبنەوە، بەمەبەستی ئاسانکاری کردن بە جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی کە بەمەبەستی هەمەجەرکردن و بەردەوامی ئابووری لە ڕێگەی ژینگەی وەبەرهێنانەوە کە بەتە هەی ڕاکێشانی پەژە گەورەکانی گەشەپەدان".

هەروەها لای خۆیەوە بولان "ستایشی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی حکومەتی عێراق کرد لەبواری چاکسازی ئابووری لەڕێگەی پەرەپەدانی سیستمی باج و گومرگەوە، و ئامادەیی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەربەئ بە زیادکردنی هەماهەنگی و کاری هاوبەش و پێشکێشکردنی ڕاوێژکاری پەویست لەبوارەکانی زیادکردنی داهاتی نا نەوتیدا".